هەزاران ئیسرائیلی خۆپیشاندانیان کرد وداوای گۆڕانکاری بارمتەکان و دەستلەکارکێشانەوەی نێتانیاهۆ و حکومەتەکەی دەکەن



هەزاران ئیسرائیلی لە تێلئەبیب خۆپیشاندانیان ئەنجامدا و داوای گۆڕانکاری بارمتەکان و لابردنی نێتانیاهۆ و حکومەتەکەی دەکەن، هەزەکانی پۆلیسی ئیسرائیل بۆ بڵاوەپێکردنی خۆپیشاندەران ئێتەمبۆلی ڕشاندنی ئاو و گازی فرمێسك ڕژیان بەکارهێنا و ژمارەیەك خۆپیشاندەریشیان دەستگیرکرد.

بۆ یەکەمجار لە دوای سەرهەڵدانی شەڕ لە 7ی (تشرینی یەکەم/10)ی 2023 پۆلیسی ئیسرائیل ئێتەمبۆلی ڕشاندنی ئاو و گازی فرمێسك ڕژیان بەکارهێنا بۆ بڵاوەپێکردنی خۆپیشاندەران کە زۆرینەیان کەسوکاری ئەو کەسانە بون کە لەلایەن حەماسەوە بە بارمتە گیراون، هەر لەو چوارچێوەیەشدا هەزە ئەمنییەکان زیاتر لە شەش خۆپیشاندەریان دەستگیرکردوە.
، لە خۆپیشاندانەکەدا هەزاران کەس بەشداریان کردوە، خۆپیشاندەران چەندین داواکاریان هەبو، لەوانەش پۆیستیی گەیشتن بە ڕێککەوتنێك بۆ ئازادکردنی ئەو بارمتانەی لە غەززە دەستبەسەرکراون، ئەنجامدانی هەڵبژاردنی پێشوەختە و دورخستنەوەی بنیامین نەتەنیاهۆ لە پۆستی سەرۆك وەزیران، گەیشتن بە چارەسەرێکی دیپلۆماسی بۆ ململانێی ئیسرائیل و فەڵەستین.

هاوکات لەگەڵ خێپیشاندانەکەی تەلئەبیب چەندین خێپیشاندان لە دەوری هەمان دروشم لە ژمارەیەک شاری دیکەی ئیسرائیل بەڕێوەچوو.